HelinMedia
Kurdistan Women Union Media Network
هێلین

جێندەر لە هۆشیاری کۆمەڵگەی کوردستانیدا

د.ڤیان سلێمان

لەو کاتەوەی جێندەر وەک چەمکێک هاتە نێو زانستە کۆمەڵایەتییەکان، سەرەتایەک بوو بۆ لێکدانەوەی جیاوازییە نازیندەییەکانی نێوان ڕەگەزی نێر و مێی مرۆڤ و پەیوەندارە بە شوناسی کۆمەڵایەتی، پێش ئەوە ڕەگەز یان (sex)، ئاماژە بوو بۆ هەردوو لایەنی بایەلۆجی و کۆمەڵایەتی لە جیاکردنەوەی نێر و مێی مرۆڤ. بەو پێیەش ڕەگەز لایەنی بایەلۆجیی و جێندەر لایەنە کۆمەڵایەتییەکەی بوونی مرۆڤە. ئان ئۆکلی، یەکەم کەس بوو ئەم چەمکەی بەکارهێنا و پێی وابوو کە جێندەر جیاوازە لە ڕەگەز و ئاماژەیە بۆ ڕەهەندە کۆمەڵایەتی و کولتورییەکەی بوونی مرۆڤ. ڕەگەز بەرهەمی سروشتە و جێندەر کولتور. مرۆڤ وەک مێ یان نێر، وەک دوو ڕەگەزە سەرەکییەکە، لە دایک دەبێ و دێتە دونیاوە، بەڵام ئەوە کۆمەڵگە و کولتورە کە ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکانی ژنێتی و پیاوێتی بەپێی تێگەیشتنەکانی خۆی بۆ هەریەکە لەو دوو چەمکە بۆ کارەکتەری پیاو و ئافرەت دیاری دەکات. لێرەدا کاتێ کۆمەڵگە ڕۆڵە جێندەرییەکان بەپێی عەقڵییەتی پیاوسالاری خێڵەکی دیاری دەکات، ئەوا بە کۆمەڵێک نۆرم و ڕێسای کۆمەڵایەتی ڕۆڵ و پێگەی ئافرەت لە چوارچێوە دەدا و ئافرەتیش بۆ ئەوەی ژیانی پارێزراو بێ، دەبێت پابەندی پێوەرەکانی ئەو ستراکچەرە کۆمەڵایەتییە بێ و لەو سنورانە لانەدا کە بۆی کێشراوە بەو تایبەتمەندییە فێمینییانە کە وەک خەسڵەتی ئافرەت ناسراون وەک لاوازی و میهرەبانی و پشتبەخۆنەبستوو و کەم ئاوەز، لێرەدا ئەو ژنبونە کە بەو پێوەرانە مانای دراوەتێ، هەر ئەوەیە کە سیمۆن دیبوڤوار دەڵێ، هیچ مێینەیەک وەک ژن لەدایک نابێت، بەڵکو دەبێت بە ژن. ئەو ژنبوونە کە بوڤوار مەبەستیەتی ژنبوونێکە کە بەرهەمی سترکچەری کۆمەڵایەتی و کولتوری نێرسالارییە. نەک ئافرەتبوون وەک شوناسی تایبەت بە خودی ئافرەت کە لە ڕوانگەی خۆیەوە هەڵقولابێ و بە فۆرم و ناوەڕۆک بەها مێینەکان لەخۆیدا بەرجەستە بکات، کە هەموو ئافرەت شانازی بە ئافرەتبوونی خۆی ئەکات. بەوپێیە چەمکی ئافرەت و چەمکی پیاو یان پیاوێتی و ژنێتی دوو چەمکی کۆمەڵایەتی دارێژراو و پەسەندکراون بەپێی تێگەیشتنە کۆمەڵایەتییەکانی هەر کۆمەڵگەیەک و دەگۆڕێن بەپێی گۆڕان لە ئاستی دیتن و تێگەیشتنی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو بۆ ڕۆڵی هەریەکە لەو دوو ڕەگەزە، ئەگەرچی گۆڕانکارییەکان هێواش یان پڕ ئاستەنگ و ڕێگری بن. وەک ئەو گۆڕانکارییانەی لە ئێستادا لە کۆمەلگەی کوردستانی دروست بوون لە بواری کایەی تایبەت و کایەی گشتی، کە وەک دەبینین لە ئێستادا بە هۆکاری کاریگەرییەکانی جیهانگیری، تەکنەلۆژیا و زۆری پێداویستییە ئابوورییەکانی خێزان و بە تەنها پێڕانەگەیشتنی پیاو بۆ دابینکردنی بژێوی خێزان، هەروەها هۆشیاری خودی ئافرەت، ئافرەتان بەشدارێکی بەرچاوی بوارەکانی ژیان دەکەن نەوەک تەنها لەو بوار و ڕشتانەی بۆ نموونە وەک ڕشتەی پەروەردە و هەندێک پیشەی تەندروستی کە زیاتر بۆ ئافرەت بە گونجاو زانراون، بەڵکو لە کۆی سێکتەرەکانی ژیان بە تایبەت بازاڕی کار ئافرەت ئامادەیی هەیە. هاوکات تا ڕادەیەک گۆڕانکاری لە هاوبەشی ئەرکی ئافرەت و پیاو لە خێزاندا درووست بووە.

بەوپێیەش؛ وایە و ڕاستییە کە مرۆڤ بە جیاوازییە ڕەگەزییەکانەوە لەدایک دەبێت کە سروشتی و نەگۆڕن، بەڵام وایە و ڕاستیشە کە ئەو دوو مرۆڤە بە جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکانەوە لە دایک نابن و ئەوە کۆمەڵگە و کولتورە کە ئەو جیاوازییانە دروست دەکات. ئیلین شوارتەر پێی وایە جێندەر بریتییە لە بونیادێکی ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتی، نەک ڕاستییەکی سروشتی و جەستەیی. مەبەست لە چەمکی جێندەر و تیۆرەکانی هەڵوەشانەوەی ئەو بڕوایانەیە؛ کە ڕەگەزی کردووەتە پێوەر بۆ ڕۆڵپێدانی مرۆڤ، ئەو ڕۆڵانەی کە دروستکراوی کۆمەڵایەتین و وەک نەگۆڕ وێنا کراون و بەستراونەتەوە بە ڕەگەزەوە. ئەو هەستیارییە زۆرەش بەرامبەر جێندەر لە دوو لاوە سەرچاوە دەگرێ، یان هەڵە تێگەیشتنە لە جێندەر و لێکدانەوەیەتی وەک بانگەشەی ئاساییبوونی گۆڕینی ڕەگەزی بایەلۆژی یاخود بروا نەبوونە بە ڕۆڵی یەکسان و توانای مرۆڤەکان بە تایبەت توانای ئافرەت لە پراوەکردنی هەر ڕۆڵێک و جێبەجێکردنی هەر ئەرکێک کە پیاو دەیگێڕی و جیبەجێی دەکا. بەو پێیەش ڕەتکردنەوەی هەر تێز و ئایدیایەک کە داوای گۆڕینی ڕۆڵەکان و بانگەشەی دروسکراویان دەکات نەک سروشتیبوونیان. جێندەر پێی وایە، کە ئەو پێگە نایەکسانەی ئافرەتان هەیانە پەیوەندی بەتایبەتمەندییە بایۆلۆژیکیەکانیانەوە نییە، بەڵکو دەرنجامی نۆرم و ڕێساکان و بونیادە کولتورییەکەی کۆمەڵگەیە، جێندەر جەخت لەوە دەکاتەوە کە مرۆڤ، نێر بێت یان مێ، دەتوانێت لەهەر بوارێکدا بەشداری بکا و سەرکەوتووبێ، لەو چوارچێوەیەدا ئافرەتیش دەتوانێت هاوئاستی پیاو بەشداری تەواوی کایەکان بکات، بەڵام هەژموونی پیاو بە درێژایی مێژوو نەیهێشتووە ئافرەت ڕۆڵی یەکسانی لە بەرامبەری پیاودا هەبێت.

جوان سکۆت، بە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی بەراوردکاری نێوان ئافرەت و پیاو لە یەک کایەی پسپۆری و گۆڕینی نموونەکانی پسپۆری، واتە هەر پسپۆرییەک ک تایبەت کراوە بە پیاو و پیاو تێیدا باڵادەستە لە ئافرەتیشدا ئەزموون بکرێت، ئەوەش بۆ پوچەڵکردنەوەی ئەو بڕوایەی کە ڕەگەزی بایەلۆژی بنەمایەک نییە بۆ دیاریکردنی توانای زیرەکی، ئامانجەکانی جێندەر دەخاتەڕوو. لەو نێوەندەدا وەک دەبینین لە ئێستادا ڕاستی ئەو تیۆرییانە سەلمێنراوە و سەرکەوتنەکانی ئافرەت لە هەموو کایەکان، بوارێکی نەهیشتۆتەوە بۆ گومان کردن لە توانای ئافرەت و بڕوا کردن بەوەی دۆخی بایەلۆجی ئافرەت فاکتەری پلەدوویی و نزمی ئاست و پێگەیشتنیەتی لەچاو پیاودا بە پێی تیۆری منداڵدان و ئەوەی گوایە پێکهاتەی بایۆلۆژی پیاو لە پێکهاتەی بایۆلۆژی ئافرەت، باشتر و پتەوترە و تیۆرەکانی دابەشکردنی کار و ڕوانگە پیاوسالارییەکان بە شێوەیەکی گشتی.

ئەوەی لێرەدا پێویستە ئاماژەی پێ بکەم، ئافرەت و پیاو دوو مرۆڤی جیاوازن لە ڕووی ڕەگەزییەوە، ڕەگەز تایبەتە بە لایەنی جەستەیی مرۆڤەوە وەک هەموو ئەو جیاوازییە بایەلۆجیانەی لەڕووکار و شێواز و تایبەتمەندییەکان بۆ نمونە ئەوەی منداڵ بە سکی خۆی و لە هەناوی خۆیدا هەڵدەگرێت شوناسی مرۆڤی مێیە، کە نەگۆڕ و سروشتییە، بەڵام جێندەر کارەکتەری کۆمەڵایەتی ئافرەت و پیاوە کە چەندین فاکتەری کۆمەڵایەتی و کولتوری و پەروەردەیی ڕۆڵیان هەیە لە دروستبوونی کە گۆڕانکارییان تێدا دەکرێت.

لەم چوارچێوەیەدا و بە ڕەچاو کردنی پێویستییەکانی ئەم قۆناخە و گرنگی پێداچوونەوە بەو بارە نایەکسانییەی کە لە نێوان ئافرەت و پیاو لە کۆمەڵگەکەماندا هەیە و گرنگی بڵاوکردنەوەی هۆشیاری جێندەری وەک ڕێگایەک بۆ بەدیهێنانی دادپەروەری جێندەری، پێویستە وەک بابەتێکی زانستی دوور لە هەستیاری مامەڵە لەگەڵ ئەم چەمکە بکرێ و لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە جێندەر و بنەما سەرەکی و دەستەواژەکانی تایبەت بەم چەمکە و مەبەستی ئێمە وەک ڕێکخراوەکانی داکۆکیکار لە پرسی ئافرەت لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری جێندەری زیاتر ڕوون بکەینەوە و چەمکەکە زیاتر بناسێنین بە سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگە و تێگەیشتن بۆ ئەم چەمکە بگۆرین بە ئاراستەی وەرگرتن و پێشوازی کردن لێی. وەک ئاشکراشە هەر چەمکێک لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە پێناسەی جیاوازی بۆ دەکرێت، چونکە کۆمەڵگەکان لە تایبەتمەندییەکاندا لە یەک ئاستدا نین، پێویستە هەوڵی بە بەرنامە بدرێ بۆ ئەوەی لە تێگەیشتنی کۆمەڵگەدا جێندەر لە ڕەگەز جیا بکرێتەوە بەوەی کە مەبەست لە جێندەر ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکەی بوونی مرۆڤە، چەمکی جێندەر لە پرۆگرامی خوێندنی زاکۆکاندا دابنرێت بۆ ئەوەی قوتابیانی زانکۆ، لەجیاتی ئەوەی بکەونە ژێر کاریگەریی ئەو بروایانەی کە دەیانەوێت ئەو چەمکە بشێوێنن، لەڕێگای زانستییەوە لە جێندەر و مەبەست لەم چەمکە تێ بگەن. پرۆگرامی یەکسانی جێندەری ببێتە بەشێکی سەرەکی لە بەرنامەی کار و ستراتیژی حکومەت، کە مایەی دڵخۆشییە هەنگاوی بۆ نراوە.

ڤەهین جعفەر: من پشتبەستن یا ل سەر شیانێن خۆ کری

ڤەهین جە عفە ر، ئاکنجیا ناحیا بامەرنێ یە یاسەر ب قەزا ئامیدیێ ڤەژدایک بویا ١٩٩٤یە د دیدارە کامە دا گوت : کو ئە و کارێ درستکرن و چاک کرنا موبایلان دکەت، و خاندناکولیژێ بدوماهی نەئینایە ژبەرکو پتر حەزاوێ لسەر خاندنا کومپیوتەرێ هەبویە ژبەر ڤێ چەندێ خاندنا کولیژاچاندنی بدوماهی نەئینایە وسە رە دانا ئێک ژ پەیمانگەێن کومپیوتەری کریە خاندنا خو یا کومپیوتە ری ل پەیمانگەها ئارارات ب دوما هی ئینا یە دڤان سالێن پەیمانگەهێ دا شیایە سەربورو شارەزایەکا باش لدەف خو پەیدابکەتن رابویە بڤەکرنا جهەکێ تایبەت بوچێکرن سە خبێرکرنا موبایلان و کومپیوتەران.

زێدە تر گوت، وە ک ئێکەمین کچا ل پارێزگەها دهوکی پشت بە ستن ل سە ر شیانێن خو کریە و جهەکێ تایبەت هە یە و شارەزایەکا باش یا هە ی دبوارێ ڤەکرن و سە خبێرکرنا کومپیوتەران دا دیسان ڤە هین وێنەگرەکا شارەزایە و دبوارێ وێنە گرتنێدا .

ل دوماهیێ گوت، دڤێت کچ خودان ئیرادە بن ئەگەر مروڤ خەونەک هەبیت چەند زەحمەت و نەخوشی و وەستاین هەبن دێ هەمی تشت هێن رێکا مرۆڤ لێ پێدڤیە کچ یا ب هێز بیت هەمی کاودانان‌دا دا بشێت پێنگاڤێت باشتر پاڤێژیت هیڤیامنە وە ک کچە ک بشێم هێشتا کارێت باشتر بو خەلکێ دەڤەرێ بکەم خزمەتا جڤاکی خو دابم و جهێ باوەریا وان بم .

حسنا سدیق



سنەوبەر سابیر

کوشتن و توندوتیژی دژ ئافرەتان

توندوتیژی بەشێوەیەکی گشتی دیاردەیەکی نامۆ نیە لە کۆمەڵگەکانی رۆژهەڵات، هۆکار و جۆری زۆرن و دەرئەنجامیشی قوربانی ئافرەتان و نائارامی خێزانە. دیارە توندوتیژی چەندین پێناسەی هەیە و شارەزایان لەم بوارە بەکورتی هەموویان هاوڕان لەسەر ئەوەی هەر هەڵوێستی نامۆ و بەکارهێنانی وشەی زبر و لێدان و ئەشکەنجەدان توندوتیژییە.

هەڵبەتە کوشتن، توندوتیژی بەرامبەر ئافرەتان بەتایبەتی مێژووییەکی دوورودرێژی هەیە کە بەو شێوەیە مافەکانی ئافرەتان پارێزراو نابێت و پێشێل دەکرێت. لەهەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەو هەموو گۆرانکاری و کرانەوە بەرووی وڵاتانی دیکە و تارادەیەک پێشکەوتنی هەرێمەکەمان لەگەڵ ئەوەشدا کەیسی ئافرەتان پێشکەوتنی ئەوتۆی بەخۆیەوە نەبینیوە، لەگەڵ ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دامودەزگا فەرمی و ئیداری و ئۆرگانە حزبی و لایەنە سیاسیەکان تا رادەیەکی باش پشتگیری لەمافەکانی ئافرەتان دەکەن کەچی ساڵانە چەندین ئافرەت دەکوژرێن و یان لەژێر فشاری ژیانی کۆمەڵایەتی خۆیان دەکوژن و ئەشکەنجە دەدرێن و مافەکانیان پێشێل دەکرێت. بەپێی ئەو داتا و زانیاری و هەواڵانەی کە لە راگەیاندنەکان، بەرنامە پەیوەندیدارەکان، بەرێوبەرایەتی، ئەنجومەن، رێکخراوەکانی ئافرەتان و ژنان ئاماژەی پێدەکرێت، دەکرێت بوترێت رێژەکە زیاترە لەوەی باسی لێوە دەکرێت، لەبەرئەوەی ژمارەی ئەو ئافرەتانەی پەنا بۆ بەرێوەبەرایەتی و شەڵتەر و رێکخراوەکان دەبەن زیاترن و هەندێکیان کێشەکانیان لەچوارچێوەی خێزان دەهێڵنەوە و پەنا بۆ هیچ لایەکی دیکە نابەن جا چ لەبەرئەوەی متمانەیان نیە وە یان بۆ پاراستنی ناوبانگی خۆیان و خێزانەکانیان سەرەرای ئەوەی گرفت و کێشەیان هەیە و رووبەرووی توندوتیژی دەبنەوە، بەڵام بێ دەنگیان هەڵبژاردووە لەوانەیە وایان پێ پۆزەتیف بێ کە باسی لێوە نەکەن تا هەوڵی چارەسەری گونجاو لەچوارچێوەی خێزانەکانیان بۆ فەراهەم بکرێ، چونکە ئافرەتان ئەگەر پاڵپشت و رێنماییەکان و پشتگیرییەکانیان لەلایەن خێزانەوە هەبێ دەکرێ چارەسەری گونجاو بۆ گرفتەکانیان هەبێ و کێشەکانیان بە هەڵواسراوی نەمێنێتەوە، بەڵام ئەگەر رێنمایی و پشتگیری خێزانی نەبێ ئەوە ئەگەری گەورەتر بۆ کێشەکانیان زیاترن و دەکرێت بوترێ ئەمە دەبێتە هۆی توندوتیژی و تەنانەت کوشتنی ئافرەتان.

دیارە چارەسەرکردنی گرفتی خێزانی و نەهێشتنی توندوتیژی تەنها ئەرکی دەزگایەک یان ئۆرگان و لایەنێک نیە، بەڵکو ئەرکی هەموو لایەکە چ پەرلەمان یان حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەزگا ئەمنی و یاسایی و راگەیاندن و رێکخراوە و سەنتەرو بەرێوبەرایەتی و لایەنی پەیوەندیدار و تەواوی کۆمەڵگەیە ئەم کێشە و گرفتانە شیبکەنەوە و هۆکارو جۆر و رێگەی چارەسەری گونجاو بخەنەروو، کە دەکرێ بەرێگەی کۆنفرانسی تایبەت ولێکۆڵینەوە و بڵاوکردنەوەی هۆشیاری گشتی بە ئامانجی پاراستنی ژیانی خێزانی و گرنگی تەبایی و بەختەوەری خێزان لەچوارچێوەی پاراستنی مافەکانی ئافرەتان.

دەبێ بیرمان نەچێت کە هەبوونی رێژەی بەرچاو لە ئافرەتان لە پەرلەمان و حکومەت و موئەسەساتی کۆمەڵگەمان و بەمەدەنی و سیاسییەوە تەنها رووی جوانی هەرێمەکان پیشان نادات بەجیهانی دەرەوە، بگرە زیاتر کوشتن و توندوتیژی و پێشێلکاری کاریگەری زیاترە. ئەو ژمارەیەی کە لە ساڵانی رابردوو ئافرەتان خۆیان کوشتوە یان کوژراون و توندوتیژی دژیان بەکارهاتوە بۆ پێگەی هەرێمەکەمان بە بەراورد بە ناوچەکە گونجاو نیە و پێویستە رێگە چارەی گونجاو بۆ ئەم بابەتە دابین بکرێت، دەکرێ سود لە ئەزمونی وڵاتانی پێشکەوتوو وەربگیرێ و بەر لەبەرچاوگرتنی دابونەریتی و گونجانی لەگەڵ کۆمەڵگەی ئێمە.

دەوروبەری کۆمەڵایەتی و چەوساندنەوەی ئافرەت

زوڵەیخا حوسێن

ئافرەت لەنێو کۆمەڵگە هەڵسوکەتی نادروستی لەگەڵ دەکرێت، لەبواری کۆمەڵایەتیدا ئافرەت هەندێک جار بەپلە دوو و سێ، هەندێکجاریش وەکو کۆیلەیەک سەیر دەکرێت. لە کۆمەڵگەی کۆن و نوێشدا ئافرەت نەک تەنها لەکوردستان، بەڵکو لەرۆژهەلاتی ناوەڕاست و لەسەرتاسەری جیهانیشدا لەژێر هەژمون و زوڵمێکی زاڵمانەی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی و کەلتوری پیاوسالاریدا دەژی.

دەوروبەری کۆمەڵایەتی کە تەنراوە بە دیاردە و نەریت و کەلتوری هەمەجۆری دواکەتوو، هۆکارێکی سەرەکییە بۆ ئەوەی ئافرەت بەشێواز و ڕێگا و مەبەستی جیاواز بچەوسێنرێتەوە.

لەکۆمەڵگەی کوردستاندا، تاکو سەدەیەک، یان نیو سەدە پێش ئێستاش، ئافرەتی کورد لەڕووی کۆمەڵایەتی و بەرهەمهێنانەوە بەشداری کارای هەبووە، ئافرەت نەک هەر منداڵی پەروەردە وبەخێو دەکرد، نەخێر ئەو وەکو خاوەن ماڵ و دەسەڵاتدارێکی کۆمەڵایەتی پێشوازی لەمیوان و بڕیاردان و بەرهەمهێنان و دەستکەوتی دارایی دەکرد. ئافرەتانی سەربەرستی کوردستان نموونەیەکی بەرز و جوانی قسە و بۆچوونی هەموو گەڕیدە ڕۆژئاواییەکان بوو، کە پێشتر روویان لەکوردستان کردبوو.

دەوروبەری کۆمەڵایەتی کە بریتییە لە (نەریت، کەلتور، دەسەلاتی دارایی، پەیوەندی کۆمەلایەتی و دابەشبوونی چینایەتی کۆمەڵگە) کاریگەریان لەسەر دەرکەوتنی بیرۆکەی چەوسانەوەی ئافرەت و لەقاڵبدان و پتر کۆیلەکردنی ئافرەت هەیە. بێگومان دەوروبەری کۆمەڵایەتیش پەیوەندیی بەدەوربەری ئابوری و کاریگەرییە ئابوورییەکانەوە هەیە.

بێگومان باشکردنی دۆخی ژیان و بەدیهێنانی مافەکانی ئافرەتان لەڕووی کۆمەڵایەتی و ئابووری و دەستووری و مەدەنییەوە، پەیوەستە بەخودی ئافرەتان و ئەو شۆڕش و بزاڤانەی بۆ بەدیهێنانی مافەکانیان دەیکەن. لە ئەمەریکا ئافرەتان جەنگێکی درێژخایەنیان بۆ بەدەستهێنانی مافی دەنگدان و بەشداری لە ژیانی سیاسی و ئابووری کردووە، لە روسیاش دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر ئافرەتان توانیان لەڕێگەی بەشداری لەشۆڕش، مافەکانیان باشتر بکەن. لەئەوروپاش ئافرەتان لەم جەنگە بەردەوامە بەردەوامن، ئافرەت لە ئاسیا و ئەفریقیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا هێشتا لەپێناو دابینکردنی دەوروبەرێکی کۆمەڵایەتی گونجاوی ئارام و دڵنیاکەر دەجەنگن، دروشمەکان بزاڤی ئافرەتان بۆ بەدیهێنانی مافەکانیان بەپێی دەوروبەرە کۆمەلایەتییەکان دەگۆڕێت، لەئەوروپای پێشکەوتوو، ئافرەتان داوای دەست حەقی یەکسان لەگەڵ پیاوان و مافی دایکایەتی و یەکسانی لە کاری و چی وچی دەکەن، لە سعودییەدا ئافرەتان داوای مافی بەدەستهێنانی دەنگدان و مافی لێخوڕینی ئۆتۆمبێل و بەشداری لەئیدارەی دەوڵەت دەکەن.

لەهەمان کاتدا ئافرەت بەپێی دەوروبەری گروپە توندرەوە دینییەکان، کەرەستەیەکی هەرزانی کۆیلەکراوە، بۆ پاراستن و بەدیهێنانی خواستە کۆمەڵایەتییەکانی پیاوان و بەهێز هێشتنەوەی دەسەڵاتی پیاوسالاری و بەکارهێنیان بۆ ئەنجامدانی کاری توندتیژی و تەقینەوە و تۆقاندن.

دەمەوێت ئاماژە بە زانیاریی و داتایەکی متمانەدار بکەم، کە باس لەوە دەکات ئافرەت هێشتا لەدۆخێکی دواکەوتووی نەزانین و نەخوێندەواری دەژیت، لەوانە: ٧٦٪ یەمەن و ٥٥٪ سودان و ٤٤٪ جەزائیر و ٣٤٪ سعودیە. لەتەک ئەوەشدا بەپێی دەوروبەری کۆمەڵایەتی بەشێکی زۆری وڵاتە دواکەوتووەکان دان بەمافی یەکسانی کۆمەلایەتی لەنێوان ئافرەت و پیاو لەمیراتگری و کار و دەسەڵات لەنێو خێزان ناکەن.

> لەکوردستاندا ئافرەت دەمێکە لەڕێگەی ڕێکخراوە پیشەییەکانی کار بۆ بەدیهێنانی یەکسانی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و دەستەبەرکردنی مافە ئابووری و ئیداریی و مەدەنییەکانی خۆی دەکات، لەزۆر بواردا ئافرەت نوێنەرایەتی خۆی دەکات، بەڵام ئەمە کۆتایی و دەستخستنی هەموو مافەکان نییە

لەکوردستاندا ئافرەت دەمێکە لەڕێگەی ڕێکخراوە پیشەییەکانی کار بۆ بەدیهێنانی یەکسانی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و دەستەبەرکردنی مافە ئابووری و ئیداریی و مەدەنییەکانی خۆی دەکات، لەزۆر بواردا ئافرەت نوێنەرایەتی خۆی دەکات، بەلام ئەمە کۆتایی و دەستخستنی هەموو مافەکان نییە.

ئافرەتانی کوردستان لەململانێیەکی توندن لەگەڵ ئەو دەوروبەرە کۆمەڵایەتییە دواکەوتووەی خەریکە بەرەو دواوە و بەرەو داخران دەگەڕێتەوە، بێگومان هۆکاری بۆ ئەم پاشەکشە کۆمەڵایەتییە و ئەو ژینگە کەلتوریی و ئابوورییە هەیە، کە ئافرەت بەتوندی رەخنەیان لێ دەگرێت. کوشتنی ئافرەت پەیوەستە بە دەوروبەری کۆمەڵایەتی و عەقڵیەتی پیاوسالاری. سوکایەتی بەئافرەت و گێرانەوەی بۆ ناو ماڵەوە و خەریکردنی بە بەخێوکردنی منداڵ، دیسان وابەستەیە بەدەوروبەری کۆمەڵایەتی.

لەگەڵ ئەوەشدا وەکو بەشێک لەهەواڵ و زانیاریی و داتا ڕۆژانەییەکان ئاماژەی پێ دەکەن، لە زۆر شوێنی دونیا ئافرەت بەپێی دەوروبەرە کۆمەلایەتیەکەی ڕوبەرووی توندوتیژی و تەنیا کوشتین دەبێتە، ئەگەر لە ڕۆژهەلات و کوردستان وابەستە کرابێت بە مەسەلەی "شەرەف". ڕەنگە لەشوێنێکی دیکە پەیوەندی بەدەوروبەری دارایی و ململانێی نەژادپەرستی و کار و سێکسەوە هەبێت.

بۆیە چارەسەر ئەوەیە پەرە بەهوشیاری کۆمەڵایەتی و چاککردنی دەوروبەری کۆمەڵایەتی بکەین، ئەو دەوروبەرەی هێشتا هێزێکی خۆسەپێنی پیاوسالار حوکمی تێدا دەکات، ئەمەش بە بەدیهێنانی یەکسانی و دادپەروەری کۆمەلایەتی دەبێت.

ڕاژان جەعفەر: جێندەر دەرفەتی یەکسانە لەسەر بنەمای توانا و لێهاتوویی کەسەکان و بۆ سودی هەردوو ڕەگەزیشە، نەك دوورخستنەوەی ڕەگەزێك

گفتوگۆکردن و گەنگەشەکردنی پرسێک یاخود چەمکێکی نوێ لەناو کۆمەڵگەدا پێویست دەکات بەردەوام قسەی جدی لەسەر بکرێت و هەڵوەستە و شیکردنەوەی بۆ بکرێت، بۆئەوەی مەهام و تێگەیشتنی دروستی لەلایەن کۆمەڵگەوە بۆ بکرێت و بەتەواوی ئامانجی خۆی لەجێبەجێکردن و ناوەڕۆکدا بپێکێت. یەکێک لەو چەمک و تێرمانە، جێندەرە کە دەمانەوێت هەرجارەی لەگەڵ پسپۆڕ یان نوسەر و لێکۆڵەرێک باسوخواسی لەسەر بکەین، بۆ ئەمجارە لەگەڵ خاتوو ڕاژان جەعفەر مستەفا، چالاکوان و بەرپرسی پێشووی یەکەی یەکسانی جێندەرییە لە وەزارەتی داد، گفتۆگۆمان کرد.

خاتوو ڕاژان جەعفەر سەبارەت بە تێگەیشتن لە چەمکی جێندەر بۆچونی وایە کە بۆ تێگەیشتن لەم چەمکە پێویستە شیکاری وردو زانستی لەسەر بکرێت، بەجۆرێک لەگەڵ بەهای کۆمەڵایەتی و ئایینی کۆمەڵگای کوردیدا بگونجێت، چونکە تائێستا تێنەگەیشتن و تێگەیشتنی هەیە لەسەر چەمکی جێندەر و قبوڵکردنی کارێکی ئاسان نییە، لەبەرئەوەی زۆرێک پێیانوایە یەکسانی جێندەری واتە یەکسان بوون لەڕووی ژمارەوە، بەڵام ئەمە پێناسەو تێگەیشتنێکی هەڵەیە، بەڵکو جێندەر دەرفەتی یەکسانە لەسەر بنەمای تواناو کەفائەت و لێهاتوویی کەسەکان و بۆ سودی هەردوو ڕەگەزیشە، نەک دوورخستنەوەی ڕەگەزێک. ئەڵبەتە لەگەڵ ئەوەشدا کاری زۆر کراوە لەڕووی یاسایی و لەناو دامەزراوەکان بۆ چەسپاندنی ئەم پرسە، بەڵام کاری زیاتری دەوێت، بەتایبەتیش لەڕووی هۆشیاری کۆمەڵایەتییەوە.

لەبارەی پرسی یەکسانی لەناو دامەزراوە تایبەتی و گشتیەکانی کۆمەڵگەکەمان و پاراستنی مافی ئافرەتان، خاتوو ڕاژان تیشک دەخاتە سەر ئەوەی کە کارکردن لەسەر پرسی یەکسانی بەشێوەیەکی فەرمی لە کابینەی چوارەمی حکومەتی هەرێم بە سەرۆکایەتی ڕێزدار (نێچیرڤان بارزانی) سەرۆکی ئەوکاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستپێکرد، ئەویش بە دارشتنی سیاسەتی یەکسانی و دانانی ڕاوێژکارێک بوو بۆ پرسی یەکسانی لە ساڵی (٢٠٠٥)و لەوکاتەوە پرسی یەکسانی بە دامەرزاوەیی کرا، ئەویش دەرەنجامی تێگەیشتن و درککردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو بەوەی کە پرسی ئافرەتان بووەتە پرسێکی جیهانی و خاڵێکیشە بۆ گەشەکردنی ژینگەی کۆمەڵایەتی بەبێ جیاوازی بۆ هەردوو رەگەز، هاوکات هەمواركردنەوەی ئەو یاسایانەی کە جیاکاری ڕەگەزییان تێدایەو دامەزراندنی دامەزراوەی تایبەی بە پاراستنی مافی ئافرەتان و یەکەکانی یەکسانی جێندەری لە وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ تێکهەڵکێشکردن و بە دامەزراوەیی کردنی پرسی جێندەر و بنیاتنانی تواناکانی ئافرەتان، کە یەکێکە لە بەشێکە لە کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و کاری زۆریشی تێداکراوە، بەڵام پێویستی بە کاری زیاتر هەیە بۆ پاراستنی مافی ئافرەتان.

دەوترێت ئایا خەباتی ئافرەتان و ژنانی کوردستان کە لەپێناو چەسپاندنی یەکسانییە لەناو سەرجەم سێکتەرو کایە جیاوازەکاندا. تا چەند دەستکەوتەکانی ئەو خەباتە هاتونەتەدی یان هێشتا پێویست بە بەردەوامیدان هەیە، لەو رووەوە خاتوو ڕاژان بۆچونی وایە کە تێکۆشان بۆ یەکسانی پرۆسەیەکی بەردەوامە و کاری زۆریشی بۆ کراوە و دەسکەوتی زۆریش بەدیهاتوون، بەتایبەت لەدوای ڕاپەڕین و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە بریتین لە دەرفەتی کارکردن و فەراهەم کردنی فەزایەکی ئازاد بۆ کاری ڕێکخراوەیی، بەتایبەت ڕێکخراوەکانی ئافرەتان، کە کاریگەری و رۆڵێکی گرنگیان هەبوو باشترکردنی ڕەوشی ئافرەتان، بەجۆرێک دەتوانین بڵێین، هەرێمی کوردستان پێشەنگی زۆربەی وڵاتانی ناوچەکەیە لەو ڕووەوە، بەڵام هێشتاش تۆوی یەکسانی جێندەری لە کۆمەڵگای ئێمەدا گەشەی نەکردووە، ئەم دەستکەوتانەش پێویستیان بە نوێگەری و هەنگاوی زیاتر هەیە.



> هەرێمی کوردستان پێشەنگی زۆربەی وڵاتانی ناوچەکەیە لەو ڕووەوە، بەڵام هێشتاش تۆوی یەکسانی جێندەری لە کۆمەڵگای ئێمەدا گەشەی نەکردووە، ئەم دەستکەوتانەش پێویستیان بە نوێگەری و هەنگاوی زیاتر هەیە

دەتوانین بڵێین لە هەرێمی کوردستان بزوتنەوەی فیمینیزم بوونی هەیە، بەو مانایەی بڵێین لە کوردستان شەپۆل و ڕێبازەکانی فیمنیزمی بوونی هەیە، ئەگەر هەیە ئایا درێژەپێدەری هەمان هزری فیمینیزمی ڕۆژئاوان، یاخود دامەزرێنەری بزوتنەوەیەکی تایبەتن، لە وەڵامدا خاتوو ڕاژان جەعفەر دەڵێت: لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم بەدیاریکراوی دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ بزووتنەوەیەکی نوێی ژنان دروست بوو، بەڵام هەر لە سەرەتاوە تائێستا ئاستەنگی زۆری بۆ دروستبوو، دوای ساڵی ٢٠٠٣و کۆتایی هاتنی حکومڕانی ڕژێمی بەعسیش، کوردستان لەسەر ئاستی هەموو بوارەکان گەشە و بوژانەوەی بەخۆیەو بینی و هاوکات بزووتنەوەی ئافرەتانیش توانی تەریب لەگەڵ ئەو شەپۆلە گەشەبکات بە فۆرمێکی نوێ تێکۆشان بۆ بەرجەستەکردنی یەکسانی بکات، بە هزرێکی تا ڕادەیەک فێمێنیستانە. هەروەها کاری زۆریش کراوە بۆ جۆرکردنی پەیوەندی نێوان هەردوو رەگەز، بەڵام لەئاستی خواستی ئافرەتانی هەرێمی کوردستان نییە.

پەیرەو نەکردنی پرسی یەکسانی جێندەر دەچێتە چوارچێوەی توندوتیژی دەروونی لە دژی ئافرەتان، چۆن ئافرەتان دەتوانن کار لەسەر ئەو پرسە بکەن بۆئەوە ڕێگربن لەبەرامبەر راوەستاندنی هەر کارێک کە لەدژی مافەکانی خۆیان بێت، لەم بارەوە خاتوو ڕاژان ڕای وایە کە توندوتیژی پێناسەی جۆراو جۆری بۆ کراوە، بەڵام هەموویان لەسەر ئەوە کۆکن کە توندوتیژییە لەسەر بنەمای ڕەگەز و جۆرەکانیشی دیاریکراون، وەک توندوتیژی دەروونی، کە هەڕەشە و ترساندنەو کاریگەری بەردەوامی دەروونی لەسەر ئافرەت دادەنێت زۆر جۆری تری توندوتیژی هەیە کە زۆربەیان لە ڕووی دەروونیەوە کاریگەری بەجێ دەهێڵن، دەتوانین بەجۆریک لە جۆرەکانی تری توندوتیژیش پۆلێنی بکەین.

بەشێوەیەکی گشتی بۆ نەهێشتنی جیاوازی رەگەزی و چەسپاندنی یەکسانی لەناو خێزان و کۆمەڵگە بەگشتی چ میکانیزمێک گونجاوە بۆ جێبەجێکردنی ئەو دوو پرسە، خاتوو راژان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە فراوانکردنی پانتایی ئازادی لەسەر هەموو ئاستەکان، دروستکردنی تێگەیشتن و بڕوابوون لای پیاوان سەبارەت بە پێویستی و تواناو کەفائەتی ئافرەتان، ڕەخساندنی زەمینەی لەبارتر و هەوڵدان بۆ فەراهەم کردنی ئابووری سەربەخۆ و پێدانی ڕۆڵی زیاتر بە ئافرەتان.

ناسک سعید

ناوەندی ڕۆشنبیریی زین، ناوەندێك بۆ خزمەتی تواناكانی ئافرەتان

ڕۆژی ٢٣ی حوزەیرانی ٢٠٢١ مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بە ئامادەبونی کاکەمین نەجار ئەندامی مەکتەبی سیاسی و بەرپرسی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارێزگای هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەندامانی سەرکردایەتی، بەرپرسی لقەکان، پارێزگاری هەولێر، پەرلەمانتاران، بەرپرسانی یەکە ئیداری و حیزبییەکانی هەولێری پایتەخت، نوێنەرانی مەکتەب، دەستە و سەنتەر و ئۆرگانە حیزبی، ڕێکخراوەیی، ڕۆشنبیران و میوانان بە کشتی، (ناوەندی ڕۆشنبیریی زین)ی کردەوە.

لە مەراسیمەکەدا پەردە لەسەر وێنەی دایکە ئایشە؛ دایکی شەهیدان لادرا، هەروەها دکتۆرە ڤیان سلێمان سکرتێری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان باسی لە زەرورییەتی کردنەوەی ناوەندێکی ڕۆشنبیری و هونەری بۆ ئافرەتان کرد و، وتی: ئەم ناوەندە لەپێناو خزمەتکردنی ئافرەتان دامەزراوە و دەمانەوێت لەرێگەی چالاکی و بەرنامەی جیاوازەوە توانای ئافرەتان لەسەرجەم بوارەکاندا پیشان بدەین و بەردەوام کراوە بێت، رۆژانە و هەفتانە چالاکی تێدا ئەنجام بدرێت.

هەروەها کاکەمین نەجار وتەیەکی پێشکەشکرد کە تیایدا ئاماژەی بە رۆڵی ئافرەتانی کورد کرد کە لەسەرجەم قۆناغەکاندا رۆڵی بەرچاوی خۆیان بینیوە و خاوەن خەبات و خزمەتێکی دیارن، لەئێستادا بەجۆرێکی دیکە خەبات و خزمەتیان بەردەوامە.

ئەوەی جێگەی سەرنجە لە ناوەندی رۆشنبیریی زین وێنەی ژمارەیەک لەو ئافرەتانە دەبیندرێت کە هەریەکەیان لە بوارێکدا خزمەتیان کردوە یاخودا ئێستا بەردەوامن لە خزمەتکردن، هەروەها ئەو ئافرەتانەش کە لەرێگەی کوردستاندا قوربانیان داوە و شەهید بوون.

لە هێلینەوە

–بۆ یەکەم جار لە رۆژهەڵاتی کوردستان ٤ ئافرەت بۆ پۆستی ئەنجومەنی شاری بۆکان هەڵبژێردران کە هاوکات بوو لەگەڵ هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمارلە وڵاتی ئێران، ٣ لەو ئافرەتانە وەک هەڵبژێردراوی سەرەکین وئافرەتێکیش وەک جێگر، ئەمەش بۆ ئافرەتی کورد لەو وڵاتە دەستکەوتێکی باشە.

– رێکخراوی نێودەوڵەتی کار بە پێویستی زانی بەڵێننامەی ١٩٠ جێبەجێ بکرێت کە ئاماژە بە رووبەرووبوونەوەی هەرجۆرە توندوتیژییەک دەکات کە لە شوێنی کار بەرامبەر بە کرێکار بە تایبەتی کرێکاری ئافرەت دەکرێت و ئەو دیاردەیەش لە بەرزبوونەوەدایە، ٢٥ ی مانگی شەشی ئەمساڵ ٢ ساڵ بە سەر پەسندکردنی ئەو بەڵێننامەیە تێپەڕیوە و وا بڕیارە بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە، "گاری رایدر" سەرۆکی رێکخراوی نێودەوڵەتی کار لەو بارەوە وتی: "دوارۆژی باشتری کارکردن لە ژینگەیەکی بێ توندوتیژ مسۆگەر دەکرێت، بۆیە داوا لە وڵاتان دەکەم کە هاوکار بن بۆ جێبەجێکردنی ئەو یاسایە".

– ئاژانسێکی گەشتیاری لە وڵاتی دانیمارک لە رێکلامێکدا بە ناوی" بۆ دانیمارک ئەو کارە بکە"داوا لە هاوسەرە گەشتیارەکان دەکات لە گەشتەکەیاندا رێگە بدەن بۆ ئەوەی منداڵیان بێت، ئەگەر هاوسەران لەو گەشتەدا بیسەلمێنن کە دووگیان بوون، دەتوانن سوود لە خەڵاتێکی سێ ساڵە وەربگرن کە هەمووی تایبەتە بە کەلوپەلی تایبەت بە منداڵان، ئەو پلانە وەک داهێنانێک بۆ زۆربوونی منداڵ لەو وڵاتە ئەنجام دەدرێت.

– بە پێی لێکۆڵینەوەکان، لە جیهانی ئەمڕۆدا زۆربەی کچان بە کێشەی خەمۆکییەوە دەناڵێنن،کە هۆکارەکەی مانەوە لە دوو قۆناغی جیاوازی ژیانە، لە نێوان دابونەریت و جیهانی ئەلکترۆنی مۆدێرنەدا، لەو قۆناغەدا باشترین هاوڕێ دایک و باوکێکی رۆشنبیرە کەمانای ژیانێکی راستەقینە بۆ کچەکەیان روون بکەنەوە و رۆڵ و پێگەی لە ناو خێزان وکۆمەڵگەدا بۆ دیاری بکەن، گرنگی پێ بدەن و لەکاتی گرفتەکاندا بڕوا و متمانە و هێزی پێببەخشن، پێ بەپێ و هەنگاو بەهەنگاو دەستی بگرن و لەگەڵیدا رێ بکەن، بە هەڵە و کەوتنەکانی فێری ئەزموونی ژیانی بکەن.

– پسپۆرێکی خۆراک هۆشداری بە ئافرەتان دەدات کە پێویستە زیاتر لە پیاوان گرنگی بە خۆراکی تەندروست بدەن، لەبەرئەوەی ئافرەتان لە ماوەی ژیانیاندا بە چەندین قۆناغی گرنگ دا تێدەپەڕن، وەک" سوڕی مانگانە "و"منداڵبوون" و قۆناغی "وەستانی سوڕی مانگانە"، بۆیە پێویستە بە خۆراکی تەندروست هاوسەنگی لە جەستەیان دروست بکەن بۆ ئەوەی بەرگری جەستەیان بەهێز بێت.

ئا:نەسرین حەسەن

دکتۆر ئومێد ئەرشەد: ئەو نەخۆشانەی کەسیستەمی بەرگری لەشیان لاوازە زووتر تووشی نەخۆشی کەڕووی ڕەش دەبن

هەندێک نەخۆشی هەیە ئەگەرچی زۆر مەترسیدارە، بەڵام ئێمە وەک پێویست زانیاریمان لەسەری نیە و بەئاگا نین لەچۆنیەتی خۆپاراستنی یاخود نیشانەکانی ناناسین، لەم رووەوە بە گرنگمان زانی وەڵامی چەند پرسیارێک لەسەر ئەو نەخۆشیە بزانین و لەگەڵ دکتۆر ئومێد ئەرشەد حەوێزی پسپۆری بواری مایکرۆبایولۆجی پزیشکی، گفتوگۆی لەسەر بکەین.

دکتۆر ئومێد باس لە نەخۆشی کەرووی ڕەش دەکات و دەڵێت: کەڕووی رەش، نەخۆشیەکی دەگمەنە تووشی ئەو کەسانە دەبێت کەسیستەمی بەرگری لەشیان لاوازە و دەبێتە هۆکاری تێکچوونی باری تەندروستیان بەشێوەیەکی ترسناک.

سەبارەت بە گواستنەوەی ئەو نەخۆشیە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دکتۆر ئومێد ئاماژە بەوە دەکات کە ئەونەخۆشییە واتە کەڕووی رەش ناگوازرێتەوە لەمرۆڤێک بۆمرۆڤێکی تر و هەروەها لەئاژەڵ بۆ مرۆڤ.

چارەسەری ئەم نەخۆشیە بەهۆی وەرگرتنی دەرمانی دژە کە روو لەرێگای خوێنهینەرەوە لەنەخۆش دەدرێت، بەڵام گرینگتر لەوە ئەوەیە پاکوخاوێنی مرۆڤە، هەروەها پابەندبوون بەرێنماییە تەندروستیەکان بەمەبەستنی ماسک و هەروەها دوور کەوتنەوە لەقەرەباڵغی و ئەوشوێنانەی دەبنە هۆی بڵاوبوونەوەی ئەم نەخۆشیە.

پرسیاری جەوهەری لێرەدا ئەوەیە کە ئایا کێن ئەو کەسانەی مەترسی توشبونیان هەیە، لەم بارەوە دکتۆر ئومێد دەڵێت: کە ڕووی ڕە ش لەو کەڕووە دروست دەبێت کە لە کەشێکی شێدار بوونیان هەیە وەک خاک پان پەیین، ئەو کەسانەی نەخۆشی شەکرە یان هەیە ترسناکە بۆیان، دوای هەڵمژینی میکرۆبەکانی ئەم جۆرە کەڕووە لەهەوادا لووت وسییەکانی مرۆڤ تووش دەبن بەم جۆرە نەخۆشیە، هەروەها لەسەر پێستی مرۆڤ لەدوای برین یان سووتان یان هەر جۆرە پێکانی.

نیشانەکانی کەرووی ڕەش لەسەر مرۆڤی نەخۆش بەدیار دەکەوێت بریتیە لەهەڵئاوسانی دەم و چاو و تا و برینی پێست و پەڵەی ڕەش لەناودەم.

سەبارەت بەوەی کە ئایا ئەم جۆرە کەڕووە پێشترهەبووە، دکتۆر ئومێد لە وەڵامدا دەڵێت:

لەهندستان ئەم جۆرە نەخۆشیە بڵاوبوونەوەی بەهۆی دووهۆکارە بەهۆی کەش و هەوای شوێنەکە کە لەبارە بۆ بڵاوبوونەوەی کەڕوو، هەروەها لەبەرئەوەی هیند پایتەختی جیهانە بۆ نەخۆشی شەکرە ئەو نەخۆشیە لەساڵی ١٨٨٥ ناسراوە و دەتوانرێ کەڕووهندستان بەدەرمانی دژە چارەسەر بکرێت بەهیچ شێوەیەک بەشێک یان گۆرانگاریەک نیە لە ڤایرۆسی کۆرۆنا.

ئەو کەسانەی کە کۆئەندامی بەرگریان لاوازە یان توشبوان بەکۆڤید ١٩، مەترسی توشبونیان بەم نەخۆشیە چۆنە، لەم بارەوە دکتۆر ئومێد پێیوایە کە

ئەو نەخۆشانەی کەسیستەمی بەرگری لەشیان لاوازە زووتر تووش دەبن، هەروەها ئەوانەی شەکرە یان هەیە و نەخۆشی شێرپەنجە و ئەوانەی ماددەی و وزە بەخش وەردەگرن، تایبەت بە کەرووەکان تووشی پەردەی لەش دەبن دوای ئەوە نەخۆشیەکە تووشی نەخۆشی کۆڤید ١٩ بووە لەیەکەکانی چاودێری چڕ لەبەر هەبوونی ئامێری پێدانی ئۆکسجین شوێنەکە شێدارە لەو کاتەدا کەروو دەتوانێت لەو بارودۆخە کاری خۆی بکات بەهۆی رێژەی بەرزی شەکرە و بەرزی کلوکۆز یان بەهۆی وەرگرتنی ماددەی دژە زیندەگی یان هەر کارلێکێکی تر ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت هەموو نەخۆشێک تووشی ئەم کەڕوانە ببێت.

> نیشانەکانی کەرووی ڕەش لەسەر مرۆڤی نەخۆش بەدیار دەکەوێت بریتیە لەهەڵئاوسانی دەم و چاو و تا و برینی پێست و پەڵەی ڕەش لەناودەم

دڵخواز هەولێری - هەولێر

بۆ یەکەمجار خولێکی شۆفێری بۆ ئافرەتانی خەلیفان کرایەوە

ناوەندی خەلیفانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بۆ یەکەمین جار خولێکی فێربونی شۆفێرییان بۆ ئافرەتانی خەلیفان کردەوە.

سەبارەت بەچۆنیەتی بەڕێوەچونی خولەکە نازەنین عەزیز بەرپرسی ئەنجومەنی سۆرانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بۆ هێلین میدیا وتی: لەم خولەدا نزیکەی ٢٠ ئافرەت بەشداری تێدا دەکەن و لەلایەن ڕاهێنەران و شارەزایانی بواری شۆفێرییەوە وانەکان دەوترێنەوە. هەروەها ئامانجمان لە کردنەوەی خولەکە بۆ زیاتر گرنگیدان و بەرەپێشبردنی تواناکانی ئافرەتانە لە بوارە جیاجیاکان،تایبەت لەبواری شۆفێری کە بتوانن پشت بەخۆیان ببەستن و متمانەیان بە تواناکانی خۆیان هەبێت.

جێگەی ئاماژە پێکردنە ئەم خولە بۆ ماوەی ٢دوو هەفتە بەردەوام دەبێت و دواتر بە هاوکاری بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی سۆران مۆڵەتی شۆفێریان پێدەدرێت.

ناسک سەعید
Nask.saeed@helinmedia.org

شەیما مستەفا
Shayma.mustafa@helinmedia.org